چیرۆک



جەلیل محەمەد شەریف

# چوار لە لقەکانی داری زەقنەبووت



ئەم دارە هەر لە ریشەوە هەتا لقەکانی هەر تاڵە و کوشندەیە. لە هەر وڵاتێکدا بڕوێت دەیکاتە خەرابات. هەناسەیەکی رەشی رەگەزپەرستی لێوە دەردەچێ. بەچاوی خۆم لە شارەکەی خۆمدا دەیان لق و پۆپی رەزاگرانم دیتووە. تاڵاوی کردووەتە ناو روحمەوە، هەتا مابم نموونەی ئەو لقانەم لە یاد ناچێ. لێرەدا چواریان دەور دەکەمەوە و دەیگێڕمەوە، بۆ ئەوەی لەبیرنەچن لە دەرفەتێکی تردا باس لە هەندێ لقی تر دەکەم.

## ١ – کوڕی مامۆستا

مامۆستا کارامە بوو، دڵسۆز بوو، لە بابەتی پسپۆرییەکەیدا زۆر شارەزا بوو. ئەو قوتابخانەیەی کاری تێدا دەکرد نموونەیی و تایبەتمەند بوو. قوتابییەکانی هەموو ساڵێ خاوەن پلە بەرزەکانی ئەو شارە بوون، باشم لە بیرە بەفەرمانی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە ئاهەنگێک گێڕرا بۆ پاداشت کردنی دەرچووانی کۆتایی قۆناغ. قوتابییەکان زۆربەی زۆری یان کوڕی ئەفسەرە گەورەکان بوون یان بەچکەی بەرپرسیار و دەسرۆکانی بەرەی زەقنەبووت و کۆمپانیای نەوت بوون، تاکوتەرا گەر لەمان و لەوان نەبووبن. کوڕی مامۆستا خاوەن پلەیەکی بەرز بوو، لە لایەن لیژنەی تایبەتییەوە دەستنیشانی ئەو قوتابییانە کرا کە لە زانکۆ و کۆلیجە هەرە تایبەتییەکانی رژێم وەربگیرێن، لە بەرزترین پلەوە دەسکرا بەخوێندنەوەی ناوەکان و واژۆیەکیان بەرامبەر ناوەکەی دەکێشا. پاش چەند ناوێک، ناوی کوڕەکەی مامۆستا خوێندرایەوە. کاتێ کە خرایە بەردەم یەکێ لە ئەندامەکانی لیژنە، دەستی رەق بوو، ئامادەبووان تێگەیشتن کە لەسەر ئەم ناوە واژۆ ناکا. کاتێ یەکێکیان پرسیی "بۆ؟"

– کوردە..

هەندێ راوەستان...

– ئاخر کوڕی مامۆستا فلانە...

– پێت دەڵێم کوردە..!

## ٢ – ناو

پاش نیوەڕۆ بوو، خۆی و چەند خاوەن دوکانێ لە سێبەری دیوارەکەی بەرامبەر بەڕیزە دوکانەکان دانیشتبوون، بەپێی کاتەکە بازاڕەکە تەنگ بوو، هامووشۆکەران کەم بوون، چەند دوکانێکیش پێوەدرابوون. ئۆتۆمبێلێک رووی کردە ئەو نیمچە بازاڕەوە، لە ئاست زەلامەکان راوەستا. سێ کەسی لێ دابەزی، شێوەیان نامۆ بوو، لە کڕیاریش نەدەچوون. دوکاندارەکان بێدەنگ بوون، یەکێ لە سێ کەسەکە ئاماژەی بۆ دەرگای دوکانێکی پێوەدرا و کرد و رووی دەمی لێیان کرد..

– ئەم دوکانە هی کێیە؟

سێ چوار کەس هەڵیاندایێ:– دوکانی کوڕێکە ئێستا بۆ حەسانەوە چووەتەوە ماڵ.

یەکێکیان کاغەزێکی دەرکرد، لەسەری نووسی "بۆڵبەرین و چبنەی رزگار". ئاساییە ڕستەکە بە عەرەبی داڕێژرابوو، تەنیا وشەی رزگار کوردی بووە.

هەمان کەسی یەکەم گوتی: دەی نازانن ئەم جۆرە تابلۆیە یاساغە چونکە بەعەرەبی نییە.

گەنجێک هەوڵی دا تێیانگەیەنێ کە خاوەن دوکانەکە خۆی ناوی رزگارە و تابلۆکە بەکوردی نییە. وەڵامی دایەوە "باش دەزانم بەڵام ناوەکە کوردییە" بانگی هەمان گەنجی کرد، داوای لێ کرد بەپەرۆ و نەوت وشەی"رزگار"ەکە بسڕێتەوە یان بیشێوێنێ. پاش ئەوەی دڵنیابوون کە کارەکەیان تەواو بوو لە شوێنەکە کشانەوە.

زەلامێکی نەخوێندەوار پرسی:- گوایە ناو ئەگەر کوردی بێ یان نا چ کارێک دەکا لە میری؟

کەسێکی شارەزا وەڵامی دایەوە ئەی چۆن ئەی ئەگەر ناوی مامی "صلاح الدین""شێرکۆ "نەبوایە و ناوی باپیری خۆی "شادی" نەبوایە چ مێژوونوسێک ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە ئەو بنەماڵەیە کورد بوونە؟

ئەمانەی ئەمڕۆش رەگی زەقنەبووتیان دادەکوتن، تا وەکو نەتەوەیەکی رەسەن لەم زەوییەدا شنە نەکاتەوە و نەڵێ خاوەن ئەم شارەم.

## ٣- درکاندن

خاڵی پشکنینەکە پەنگی خواردبووەوە لە ئاپۆرەی خەڵکانێک دەیانویست لە هێڵە سوورەکە بپەڕنەوە بەرەو ناوچەی ئازاد. چەتەووڵەکانی سەر بەبەغدا هەموو جۆرە پەڵپێکیان لەو خەڵکانە دەگرت، هەندێکیان دەگەڕاندە دواوە، هەندێکی تریشیان پاش ئەوەی دەستیان بەسەر ناوەرۆکی گیرفانەکاندا دەگرت رێگەیان دەدا رەتبن.

ئەو کەسانەی بەتەمابوون سەفەری وا بکەن چەند رۆژێک لەوەبەر خەمیان لێ دەهات .. ئایا دەبێ ریگەمان بدەن؟ .. ئایا دەبێ سووکایەتیمان پێ نەکەن؟.. ئەم نیگەرانییە جێگەی خۆی بوو چونکە زۆر جاریان بینیوە ئەو جەندرمە رەشتاڵە ناهەموارانە وەک سەگ پەلەماری خەڵکیان داوە و قسەی ناشرینیان پێ کردوون.

یەکێک لەوانە کە سەیری پێناسەکانی زەلامەکانی دەکرد، بەزمانەکەی خۆی پرسیارێکی لە پیرەمێردێک کرد،پرسیارەکەی دووبارە کردەوە، وەڵامی پیرەمێردەکە ئەمە بوو بەو خوایە من عارەبی نازانم.

کابرا لە قسەکەی گەیشت، بەتووڕەییەوە بەدەنگێکی بڵند خوڕی بەسەر پیرەمێردەکەیا

چۆن عارەبی نازانی.. ئەی چۆن قورئان ئەخوێنی؟! پیرەمێردەکە دەمی داچەقاند، هیچ لە مەسەلەکە تێ نەگەیشت. کاتێک بەشێک ڕێگەی پێ درا ڕەتبن، چەتەووڵی مەڕ لە پیرەمێرد هاتە لای هاوڕێکانی، یەکێکیان لێی پرسی ئەرێ تۆ بۆ وات بەو پیرەمێردە کرد؟

– ئەی چۆن.. ئەی نازانی یەکێ لە سوودەکانی "قورئان" ئەوەیە زمانەکەمان پێی بڵاو ببێتەوە؟!

لە ڕاستیدا ئەم قسانەی درکاندنێک بوو پەردەی لەسەر ڕاستییەکی شاراوە لادا کە بەشێک لەوان هەوڵیان بۆ دەدا و ئێستایشی لەگەڵدابێ.

## ٤- جل

چەندین ساڵ بوو هەوڵیان دەدا هەموو دیاردەکانی پێوەند بەکوردەوە لەم شارەدا بسڕنەوە. تا وەکو مەسەلەکە گەیشتە مەسەلەی نەتەوە گۆڕین و جل و بەرگی کوردی لەناوبردن. تاوەکو ئەگەر ئاهەنگێک؛ یا ڕێپێوانێک بۆ ستایشی خۆیان یان سەرکردەکەیانیش ئەنجام بدرایە، هەوڵ دەدرا بەجل و بەرگی کوردییەوە نەبوایە.

لە قوتابخانەکەمان ئاهەنگ بوو، یەکێ لە پیاوانی حیزبی دەسەڵات بەڕێوەبەر بوو. تیپی مۆسیقا و کامێرای تەلەڤزیۆنی ئامادە کرابوو، لە کاتی سروود پێشکەشکردن و وتار خوێندنەوەدا "فەڕاش"ەکەمان لەبەر ئەوەی بەکاری خۆی هەڵدەستا، بەناوەڕاستی گۆڕەپانی ئاهەنگەکەدا ویستی لەوسەرەوە بۆ ئەمسەر بڕوا، لەو کاتەدا بەڕێوەبەر چاوی چووە تەوقی سەری و قیراندی بەسەر ئەو پیاوەدا کە بگەڕێتە دواوە. فەڕاشەکە گەڕایەوە دواوە، لە پەنایەک دانیشت، شکستییەکی دەروونی هەموو لەشی گرتەوە. چەند بیری لە هۆی ئەو شکاندنەوەیەی دەکردەوە، نەدەگەیشتە ئەنجامێک. ئاهەنگ تەواو بوو، مامۆستاکان چوونە ژووری خۆمان، هەندێکیان پرسییان:- ئەرێ ئاخۆ ئەبو تەڕەماش بۆچی بەو جۆرە کاک ئەحمەدی شەرمەزار کرد؟!

کەمیان بیری بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە چوو. مامۆستایەکی سەر سپی بەشێنەیی گوتی برایینە ئەمە حیکمەتێکی تێدایە.

– حیکمەتەکە چییە؟

حیکمەتەکە ئەوەیە فەڕاشەکە جلی کوردیی لە بەردا بوو، بەڕێوەبەریش نەیدەویست ئەو جلە لە تەلەڤزیۆنەوە دەرکەوێ نەوەک خەڵکانی دوور و نێزیک بڵێن "دیارە کورد لەم شارەدا ماوە...!!".